# کورد چی کەمترە لەو نەتەوانەی تر کە خاوەنی دەوڵەتن..؟..!..؟

## ئایا ئەو نەتەوانەی بوون بە دەوڵەت لە قورعان و ئنجیل و تەوراتدا بۆیان نوسراوە..!!!؟



ئە.کەمال غەریب ک

2005-10-22

بیانووگرتن یان بەهانە هێنانەوە بۆ لاوازی و بێدەسەڵاتی و بێهەڵوێستی لە هەڵوێست گرتن لە ئێستگەی سیاسیەکاندا بەتایبەتی لە قۆناغە چارەنووسازەکاندا ،کاتیک نەلووێت ئەو هەلە و مەرجە بگەڕێتەوە ، بێگومان ئەبێتە هۆی ، ڕمانی وورەی گەل ، ئەمەش دوور نیە ببێتە هۆکاری ڕمانی ئەو دەسەڵاتە یان ئەو حیزب و سەرکردانە ، وە نوچدانیان لە هەموو ئێستگە چارەنووسازەکانی تردا ( گەر وویژدانی ئەو نەتەوەیە خۆی دەرزیایەژن نەکات ،یانی بوون و مانەوەی ئەو دەسەڵات و سەرکردانە بەرهەمی ڕەهایی ئەو نەتەوەیەن و ئەبێت بە نەمری بژین لەگەڵ مانەوەی ئەواندا، دیسان ئەبێتە مەحەکی مانەوەی ئەم نەتەوەیە کە شایەنی لەمە باشتر نییە کە خاوەنی بێت ..!!! ئێوە چی دەڵێن بە نەتەوەیەک گەر توتکە ڕێوی وەک ئەنفالچییەکان و پیاوەکانی بەعس بگرێتە ئامێزی و نقەی لێوە نەیەت و لەوەش نەهامەتیتر پاساو بهێنێتەوە بۆ بێتاوانیان ،یان تاوانەکان بخەنە ئەستۆی چەرخی گەردوون ؟ نەتەوەی کورد وەرن سەرهەڵبڕن تا ببینن کام نەتەوەی سەر ڕووی ئەم زەمینە وەک نەتەوەی کوردی لێقەومێنراوە : کۆمۆنیستەکانی نەک پاساو دێنێتەوە بۆ ژێر دەستی خۆیان بە ناوی چادری ئینسانەکانەوە ،بگـرە شین و باوکەڕۆیانە بۆ چەسپاندنی دیمۆکراتی لە تاران و بەغا. کوردی خاوەن هیچ بە نەتەوەپەرستی دادگایی ئەکەن بۆ شاباشی زاوای مەنووچەریان لە تاران ، یان ئەبو زولفەقاری بەغدادیان. پارتە کوردییەکانی کە فریان نییە بەسەر ناسیۆنالیست بوونەوە ، دەکرێنە شێری نەتەوەپەرستی و دژ بە ئینسانەکان..؟؟ لایان وایە کورد خاوەنی ئیمپراتۆرییەتە نەک ژێر دەستی ئەم نامەردانەیە.! ئەوەی کارەسانی ئەمڕۆی کوردە ، هەموو حیزبەکان، بە گەورەو ووردیلەیانەوە ، لە هەموو خەڵکی کورد زیاتر بە پەرۆشترن وەک عاشقێک کە خوازیارە بە دڵدارەکەی بگات ، ئاواش شەیدای ئەو خەونەن :کەپێی دەگوترێ (دەوڵەتی کوردی ).لە کوردستانەکەی من هەموو پارتو ڕێکخراوەکان ، بە کۆن و نۆێیانەوە ،یەک ستانداردی سیاسیان هەیە ، یەک دانە حیزب نییە بڵێت لەل لە بەردەم هێزەزلەکاندا ، نەک لە باشوور بەڵکوو لە هەموو بەشە بە کۆلۆنیاڵکراوەکانی تردا، لە بەر یەک هۆش (ئەویش ئەوەیە کە ئەو حیزبە ووردیلانە دامەزرێراوی ئەوان و مووچەخۆری ئەوانیشن) ،کۆمەڵگایەکی خاوەن ویژدان و ڕۆشەنبین کە بە ڕاستی خۆی پێ بە خاوەنی مێژووی سیاسی و خەباتی بێووچان بزانێت ، ئەبێت دروستکەرو و داهێنەری وەڵامی ڕمانی سیاسی وە ڕۆچونەساسییەکان

وەک لێپرسراوییەک هەڵبسەنگێنێت ، نەک ببێت بە بتی دەسەڵات ، کوا وەڵامی شەقامی کوردی بۆ ئەو سیاسەتە پراگماتییەی ئەو حیزبانە پیادەی ئەکەن لەم 15 ساڵەی رابووردودا ، لە شەڕەکانی کورد بە کورد بیگرە تا هەموو شانۆو سەمنینارەکانیان لەگەڵ داگیرکەران و سەرانی عەرەبی و ئەمریکادا هەمووی بێ روونی و دوور لە ئاگاداری خەڵکی کورد..؟ لە کۆتایدا دەڵێین هەر هێندەمان پێ ڕەوا دەبینن..؟ بە ڕاستی ئەمە کێشە نییە بەڵکوو کارەساتە....و دۆڕاندنی گەورەترین شەڕی سیاسییە..؟ بەڕێشی کێ ڕەوایە نەتەوەیەکی وەک کورد ، دوایی ئەنفال و جێنۆساید و ئەو هەموو سووکایەتییە پێی، داوای برایەتی و هاوژیانی بکات لەگەڵ دوژمنە سەرسەختەکانی وەک فارس و توورک و ئارەب ،لەمەش کارەساتر تەسکی و گەندەڵی ئەقڵی سیاسی پارتە سیاسییەکانێتی گەر نەتەوە ، هۆشی بوونی مردووە و لەبەر بێ ئاوی و کارەبایی خۆیی لە بیر چۆتەوە لە هەموو بڕیارە چارەنووسسازەکاندا، هەر وەک ئەوەی دوێنێ کە چۆن بەرەو دەنگدان بۆ دەستووری عێراقی عەرەبی ،هەر بۆیە ئەمڕۆ عومری موسا ، بۆ پیرۆزبای لەم عێراقەکەی کە کورد دروستی کرد و دەنگی بۆ دا ، هات بۆ بەغا و ئەمڕۆش هات بۆ کوردستان بۆ هەمان پیرۆزبایی کە یەکێتی عێراقی عەرەبیان وەک کوردێک باشتر لە عەرەبەکان پاراستووە.

ڕانەگەیاندنی سەربەخۆیی و هەوڵدان بۆی یان نەکردنی ئەم مافە ڕەوایە بە دروشمی پەیامە سیاسییەکانیان و جاڕنەدان بۆی ، بە ئەقڵی سەرکردەکانی کورد و شاگردەکانیان ئەوەیە کە کورد چواردەوری تەنراوە بە وڵاتانی داگیرکەر و ئەو دەوڵەتە کوردییە گەر بانگی بۆ بدەن لەیەکەم ڕۆژی ڕاگەیاندنیدا لە سێدارە ئەدرێت ).باشە کەس هەیە نەزانێت کە ڕێگەی بە دەوڵەت بوون ، بۆمب ڕێژکراوە نەک مین ڕێژکراو ، کەندەڵانە و پڕ لە نشێوە..!!..باشە قازی نەمر 60 ساڵ بەر لە ئەمڕۆ کە ملی خۆیی کرد بە پەتی سێدارەوە ئەمەی ئێوەی نە ئەزانی ، بەڵام قازی نەمر ویستی بیسەلمێنیت کە بە بانگهێشتنی ئەم دەوڵەتە کورەدییە دەبێتە مایەی تاجی نەمری بۆ خۆی و سەروەریش بۆ نەتەوەکەی.!!بۆیە هەمیشە شایەنی بوونە و نەمریە لە دڵی هەموو کوردێکی خاوەن شەرەفدا و خۆی کرد بەخاوەنی قوتابخانەی دەوڵەتی کوردی نەک ئاڵا شەکاوەکەی..!!!

ئایا گەر ئێوە ناتوانن توندو تۆڵ بن ، بەرامبەر داگیرکەران لە سەر مافەڕەواکانی گەلێکی ئەنفالکراو و هەموو دابەزینێک دابەزن لەبەر ئەوەی باشتر نادەن بە کورد ، بەڵام ئەوە هەر زۆر ڕوونو ئاشکرایە ، گەر ئێوە ڕازی بن ، کاتێک بڕیارتان لە دەستایە ( واتە بە حەزی خۆتان )، ئەوا گەلی کورد ڕازی نییە و ڕازیش نابێت ، بە عێراقی بوون؟گەر گەلی کورد گەلێکی ترسنۆک و بێهەڵوێست بووە بەرامبەر بە ئارەزووەکانی ئێوە و سڵی کردۆتەوە لە سەربازە سەرکووتکەرە عێراقیەکان ، بەڕاستی ئەو کاتە ئێوە هەقی سەرپشکبوونتان هەیە. ئەوەی لۆژیکە ئەمڕۆ بۆ نەتەوەی کورد ، ئێوە کوردتان کرد بە پرد بۆ پەڕینەوە ، ئیوە ڕەنجی 40 ساڵەی نەتەوەی کوردتان کرد بە قووربانی دروستکردنەوەی عێراقێکی عەرەبی ، کە هەتا هەتایە کورد مرۆڤی پلە دوو ئەبێت تێیدا ، تەنانەت زمانی کوردی (لەو حکومەتە فێدڕالییەدا ) ناتوانێت سەرووەر بێت..؟ من دەزانم لە پاشەڕۆژیکی نزیکدا ، شەڕوپێکدادان دروست ئەبێتەوە لە نێوان کورد و دەسەڵاتدارە عەرەبەکاندا، هەر وەک ئەوەی دەیبینین لە موسڵ و کەرکوک و دیالەو...تادوایی ..؟؟ ئەو کاتە چی دەڵێین بە نەتەوەکەتان..!هەر بۆیە بوون بە خاوەنی سەروەری خاک و گەل ، باجەکەی زۆر قورس و گرانە...!!! بە پێچەوانەی ئەمەشەوە ئێرانی و عێراقی و تورکی بوون هیچ باجی نییە و بگرە خەڵات کردنی لە دواییە ؟باشە کام لەم نەتەوانەی جیهان دەوڵەتیان بۆ کراوە بە دیاری ، گەر جەنگ و شەری نێوان نەتەوەکانی هاوسێی یەکتری بژمێردرێن کە ئەمڕۆ دەوڵەتی هاوسێن وە بە قوربانیەکانیان و

زیانی دەروونیان بڕوانین، هیچیان زیاتر نییە لە نەتەوەکەی من و هێندەشیان چاوەڕوان نەکردووە و بەو دڕندییەش سەرکتووت نەکراون ( کە دواترین چەکی کۆمەڵ کوژی لەسەر تاقی کرایەوە )،

چونکە ئەمڕۆ گەورەترین کۆلۆنیالی لە جیهاندا کورستانە کە مابێتەوە ، وە ئەوەی تەمەنی ئەم ژێردەستییە درێژئەکاتەوە ، سەرکردەکانی کوردە و پاسیڤی نەتەوەی کوردە لە رووبەڕووبوونەوەی ئەم رووداوانەدا . ئەوەی جێی سەرنجی منە ، ئەمڕۆ هەموو پارتە کوردستانییەکان تەنها بە ووشەی کوردستان وەک لکاندن بە پارتەکانیانەوە وەک کوردستانی ماونەتەوە ئەگینا تا بینەقاقایان لە عێڕاقی عێڕاقی ترن...!ئەوەش وایکردووە کە ڕەوتی نیشتمانی خەڵکی کورد نەتوانێت خۆی بدۆزێتەوە ، ئەمڕۆ لافاوی ئەو دەرییا دۆلارەی کە ڕژاوە بەسەریاندا بووە ساتیری مانەوەیان و داڕشتنی پلان و تاکتیکەکانیان لە سەر بناغەی هاوژیان و ئاشتی و ئاسایش لە نیوان خۆیان و ئارەب و توورک و فارسدا ؟ ( مانەوەی خۆیان گرنگە ، گەر لەوە گەندەڵتریش بن )وەک خێڵ و پارت و کەسایەتی و دەسەڵات زۆر چاک توانیویانە ویژدانی سەرجەم خەڵکی بکڕن یان یاری بکەن بە ئەقڵیان، بۆیە جم و جووڵی خەڵکیشیان خەساندووە و گۆڕەپانەکەشیان کردووە بە ئاشی ئاو لادراو. من دەزانم بوونی کورد بە خاوەنێتی دەوڵەت لە قەد و باڵای ئەوان ناوەشێتەوە لەو بڕوایەشدام کورد و ئەوان تا خاوەنی یەکترین ئەوە ئەبێت هەر بەو خەوەوە سەربنێنەوە، من هەرگیز چاوڕێی ئەوەیان لێناکەم ( کورد گۆتەنی مانگە سەرلەئێوارە دیارە ). ئەوان بە تایبەتی پارتی و یەکێتی گەر نەتوانن لەسەر بەڕێوەبردنی دوو شاری وەک سلێمانی و هەولێر ڕێکبکەون [گەر سبەی وەک دەڵێن دوای 15 ساڵ ڕێکبکەون ئەوا ئەو دەسکەوتە سیاسییانەی کورد دەیتوانی بەدەستی بخات لە کیسی چوون..!!]،ئایا مەحاڵ نییە لەسەر ئاستی کوردستان ڕێکبکەون..؟ هەمووش چاکدەزانین کە مەسەلە بەڕێوەبردن نییە : بەڵکوو مەسەلە مۆنۆپۆلی دەسەڵاتە بە سەر بەرژەوەندییەکاندا ،کێ دەستبگرێت بەسەر میکانیزمی بزوێنەری سیاسی( سیاسەتی دەرەوە بە تایبەتی) و ئابووری و سەربازی و میدییایدا...؟ ئەو پرۆتۆکۆلانەی مۆرکراوە لەگەڵ دراوسێکاندا چۆن چێبەچێبکرێن یان چۆن هەڵبووەشێنرێنەوە....!!! دوایی ئایا لەم جەژنەدا کە هێندەی نەماوە بێتە بەرەوە گەردنی سیاسی یەکتری ئازاد دەکەن...؟